# گەڕیدە پۆڵۆنییەکان لە ساڵانی 1800ەکاندا لە کوردستان

نووسینی: لیژەک ژیگیل.
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ئەمجەد شاکەلی.

ڕەوشی ساڵانی 1800ەکانی پۆڵۆنیا، کوردستانی وەبیر دەهێنایەوە. پۆڵۆنیا لە لایەن سێ دەسەڵاتداریەتیی بیانییەوە، داگیر و دابەش کرابوو. ئەو دەسەڵاتداریەتییانە، لە نێوان خۆیاندا پێکهاتبوون، لە سەر ئەوەی کۆمەک بەیەکدی بکەن، بۆ سەرکوتکردن و داپڵۆسینی هەموو یاخیبوون و ڕاپەڕینێکی گەلێر. کەسانێکی زۆر بە هۆی سیاسەتەوە، پۆڵۆنیایان بەجێهێشت و ڕوویانکردە، ئیمپراتۆریای عوسمانی و بوون بە پەنابەر و لەوێ پارێزگارییان لێ کرا و کاریان درایە و لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە داڵدە دران. شانبەشانی ئەو هەڵاتووە سیاسییانە، زانا و مژدەدەر(مسیۆنێر)ە پۆڵۆنییەکانیش، گەیشتنە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ڕاپۆرت و نووسینەکانیان، لە گۆڤاری بەناوبانگ و لە شێوەی کتێب و بیرەوەریدا بڵاو کراونەتەوە. کوردستان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی تری ئەو بەشەی ڕۆژاوای ئاسیا، کەمتر دەستی دەگەیشتێ و شتێکی سەرسووڕهێنەر نییە، ئەگەر نووسراو و ڕاپۆرتەکان، زێتر باسی میزۆپۆتامیا و ڕۆژاوای تورکیا و فلستین و مسر دەکەن. بەڵام لەوەش کەمتر، توێژەرە پۆڵۆنییەکان، خۆیان بە لێکۆڵینەوە، لە بارەی کوردستانەوە خەریک نەکردووە.ساڵی 1973 "مارییا پارادۆڤسکا"، کە ئەتنۆگرافێکی خەڵکی "پۆزنان"ە، کتێبێکی بە نێوی"نووسراوە پۆڵۆنییەکان لەمەڕ ساڵانی 1800 لە عیراق لە شێوەی توێژینەوەیەکی ئەتنۆگرافیی مەیدانیدا" نووسی. "پارادۆڤسکا"، لەم کارەیدا، تەنێ بە شێوەیەکی کەم، لەمەڕ کێشەی کوردەوە دەدوێت و باس دەکات. "ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی"(1841-1894)، یەکەم گەڕیدەی پۆڵۆنی بووە و بژیشکی لەشکریی بووە، لە لەشکری تورکدا و پاشان بووە بە ئەندامی کۆمیتەی تەندروستی جیهانی، لە سکوتاری-ئەلبانیا و لە بورگارس-بولگاریا. بۆ یەکەم جار ساڵی 1866 سەردانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردووە و گەشتەکەی لە حەڵەبەوە دەستپێکردووە، بەرەو دیاربەکر و  مووسڵ و کەرکووک. لە کەرکووک لە نەخۆشخانەیەکی سەربازیی تورکیدا کاری کردووە. ساڵێک پاشتر گوێزراوەتەوە بۆ باشوور، بۆ دیوانییە و پاشانیش بۆ مووسڵ. لەوێ بە خێرایی  و هاسانی جێگیر بووە و بە چاکی و ڕەوانی، زمانی تورکی  فێر بووە و گەلێک دۆست و  برادەریشی پەیدا کردووە. بە گەشت و سەردان چووەتە گوندەکانی دەوروبەری مووسڵ  و دەرفەتی ئەوەشی بۆ هەڵکەوتووە، ناسیاوی لەگەڵ کۆمەڵگەی یەزیدیدا پەیدا بکات و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە، بەتایبەتی بەلای ئەوەوە، شتێکی سەرنجڕاکێش بووە. ساڵی 1870 گوێزراوەتەوە بۆ حللە و لەوێوە، لە ڕێگەی کەربەلا و بەغدا و مووسڵ و دیاربەکرەوە، ڕۆیشتووە بۆ ئیستەنبوول. ساڵی 1884 لە کاتی بڵاوبوونەوەی مافەتەدا ، لە شێوەی تورکێکی نوێنەری کۆمیتەی تەندروستی جیهانیدا، گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و کاری پشکنینی ئەو ناوچانەی دەوروبەری بەغدا و کووت و عەمارەی، وەئەستۆ گرتووە. لەمەڕ هۆیەکانی پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی پەتا،  لە نێو کوردەکانی ئێراندا، ساڵی 1885 دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و لە دواییشدا، لە گوندێکی چکۆلانەی کورددا، لە نێزیکی سلێمانی کاری کردووە. هەمان ساڵ لە لەشکری تورک، خانەنشین کراوە و ئیدی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەجێهێشتووە. ساڵانی دوایی ژیانی، بە کاری بژیشکییەوە بە سەر بردووە، لە بورگارس، کە بەندەرێکی بولگارییە. "ئەلیکساندەر یابلۆڤسکی"(1829-1913)، کە برای "ڤلادیسلاڤ" بووە، مێژوونووس بووە و هەوەس و سۆز و ئارەزووی بۆ توێژینەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بردووە. ساڵی 1870 لە ڕێگەی سووریاوە، سەری دیاربەکری داوە و پاشانیش، لە گەشتەکەیدا بەردەوام بووە و چووەتە مووسڵ و بەغدا و حللە و کەربەلا. لە کۆتاییشدا، لە ڕێگەی دیمەشق و بەیرووت و یافاوە، گەیشتووەتە ئۆرشەلیم و مسر و بە سەر ئیستەنبوولدا گەڕاوەتەوە بۆ پۆڵۆنیا. "کارڵ برزۆزۆڤسکی"(1821-1904)، سەرباز و سیاسی و شاعیری ئاوارەی پۆڵۆنی. ئەو کەسە بوو، کە پتەوترین و بەهێزترین پێوەندی، لەگەڵ کوردستانی ساڵانی 1800ەکاندا هەبووە. ساڵی 1853 لە پاریسەوە گەیشتووەتە ئیستەنبوول و لە ئەنادۆڵ و بولگاریا و مەکەدۆنیا و تراکیا و ئیساڵیا و ئەلبانیادا، لەگەڵ تەکنیکییە پۆڵۆنییەکاندا، کاری کردووە و جارجاریش بە ڕاو و شکار خۆی ژیاندووە. تورکەکان پێیان گوتووە"قەرەئانجی" واتە: ڕاوکەرەڕەشەکە. کچی کۆنسولی فرانسی لە "لاتاکیا" هێناوە. ساڵی 1863، گەڕاوەتەوە بۆ ئەورووپا، بۆ ئەوەی لە ڕاپەڕینەکەی پۆڵۆنیادا بەشدار بێت و لەو ڕاپەڕینەشدا، بە سەختی بریندار بووە. پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە، لە تورکیا کاری باخەوانیی کردووە. پاشان چووەتە نێو ئەو دەستە و تاقمەوە، کە لە دەوری "مەدحەت پاشا"ی ڕیفۆرمیستی ئابووریی میزۆپۆتامیای ئاڵابوون. مەدحەت پاشا، باخێکی لە نێزیکی بەغدا، بە دیاری پێ بەخشیوە. ساڵی 1869  بە کۆمەکی مەدحەت پاشا، دەستەیەکی پشکنینی جوگرافیی ساز کردووە و هەموو ئامراز و کەرەسەیەکی کاری بۆ ئامادە کردوون، بۆ



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پشکنین و توێژینەوە و نەخشەکێشان لە هەندێ شوێندا، لە چیای زاگرۆس لە کوردستان. ساڵی 1892 ڕاپۆرتێکی بە نێوی "ڕێپێشاندەرێک لە سلێمانییەوە تا ئامێدی Hineraire de Suleimani a Amadia"، لەمەڕ توێژینەوەکانی بڵاو کردووتەوە. "برزۆزۆڤسکی"، بە ناسراوترین شارەزایانی کوردستانی ساڵانی 1800ەکان دادەنرا. پاش ئەوەی، کە 30 ساڵی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە سەر بردووە، گەڕاوەتەوە بۆ پۆڵۆنیا، بۆ ئەوەی کوڕەکانی پەروەردە بکات، بۆ ئەوەی ببنە پۆڵۆنی، نەک عەرەبی فرانسی، ژنەکەی فرانسی بووە. ئەو سێ دۆزەرە(مکتشف) پۆڵۆنییانە، کۆمەڵێک بیرەوەری و گوتاریان، لە پاش خۆیان بەجێهێشتووە، کە بوونەتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی کوردستان و فەرهەنگی کوردەوە، لە نێو هەموو ئەوروپاییەکاندا. "ئۆوگوست کۆشسێژا ژابا"[1] (1801-1894) ، چوارەم گەڕیدەی پۆڵۆنی، بەشێکی لە فەرهەنگی کوردی لە بزربوون و لەنێوچوون ڕزگار کرد و زمانی کوردیی بە ئەوروپا ناساند. "ژابا"، زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی لە پێشدا، لە زانستگەی "ڤیلنۆ"، لە پۆڵۆنیا و پاشان لە زانستگەی "سانت پێتەربۆرگ" و مۆسکۆ و کازان لە ڕووسیا، خوێندووە و دوایی، لە دەستەی دیپلۆماسیی ڕووسیای تزاریدا لە یافا و ئیزمیر، کاری کردووە و لە ساڵی 1848ەو تا 1866 لە ئەرزەڕووم بووە، لە کوردستانی تورکیا. لە ئەرزەڕووم، دەستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی، زمان و ئەدەب و فەرهەنگ کردووە، لە نێو هۆز و خێڵە کوردەکاندا لە تورکیا و عیراق. "ژابا" یەکەم کەس بووە، کە فەرهەنگێکی کوردی-فرانسی ئامادە کردووە و لێکۆڵینەوەیەکی بە نێوی "تێبینی و سەرنج و گێڕانەوە لە بارەی خێڵەکانی کوردستانەوە Recueil de notices et recis de la litteratur et des tribus de Kurdistan" نووسیوە. "ژابا" لە نێو هاوچەرخەکانیدا، بە چاکترین شارەزای کێشەی کورد دادەنرا. "ژابا" لە ئیزمیر مردووە و تەواوی دەسنووسەکانی، بۆ ئەرشیڤی ڕووسی لە سانت پێتەربۆرگ بەجێهێشتووە. بە پێچەوانەی پۆڵۆنییەکانی دیکەوە، "ژابا" تەنێ بە زمانی فرانسی دەینووسی. "ژابا" داوای لە "مەلا مەحموودی بایەزیدی"[2] کردووە، کە دۆکۆمێنتە کوردییە کۆنەکان، کە زۆر لایەنی ڕۆحی و ماددی و فەرهەنگیی کوردی، کۆتایی ساڵانی 1700 و نیوەی یەکەمی ساڵانی 1800 لە دووتوێیاندا پارێزراون، کۆ بکاتەوە و لە شێوەی کاتالۆگدا ئامادەیان بکات. ئەو کەرەسە بەنرخانە، کە "مەلا مەحموودی بایەزیدی" بە ناوی "عادات و رسوماتنامەی اکرادیە"[3]وە نووسیبوونی و پاشان لە ئەرشیڤەکەی "ژابا"دا دۆزرانەوە، ساڵی 1963 لە مۆسکۆ بە زمانی ڕووسی بڵاوکرانەوە. ڕەنگە شتێکی سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەر بڵێین شارەزای ڕووسی بەناوبانگ لە بارەی کوردستانەوە، "ڤاسیلی نیکیتین"، کە نووسەری کتێبێکە بە نێوی "کوردەکان/Les kurdes"، ئەو کتێبەی، کە دوای جەنگی

---

[1] "لیژەک ژیگیل"ی نووسەری ئەم گوتارە، نێوی "ژابا"ی بە تیپی لاتینی بەم جۆرە نووسیوە"August Koseieza Zaba"، کە بە تیپی کوردیی خۆمان دەکاتە "ئۆوگوست کۆشیژا ژابا" و ژابای بە پۆڵۆنی داناوە و ماوەی کارکردنیشی لە ئەرزەڕووم وەک دیپلۆمات، لە نێوان ساڵانی 1848-1866 دادەنێت، بەڵام دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، لە گوتارێکیدا بە نێوی"شەرەفنامە لە کوردناسیی سۆڤییێتدا"، کە لە کتێبی "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بدلیسیدا، کە هەژاری موکریانی کردوویە بە کوردی و ساڵی 1972 لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە بەغدا لە چاپ دراوە، لە لاپەڕەی سەدوشێستونۆدا، نێوی ژابای وەها نووسیوە"ئەلیکسەندەر ژابا". هەروەها لە لاپەڕەی 126 و لە پەراوێزی 44ی لاپەڕەی 127ی کتێبی "مێژوو"، کە لە ساڵی 1983 لە بەغدا دەرچووە، دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد دەنووسێت:"ئەلیکسەندەر جابا(ژابا) کە بۆ ماوەی 33 ساڵ، لە 1836وە تا 1869 کۆنسولی رووسیا بوو لە شاری ئەرزەرۆمی عوسمانی..". بابا مەردووخی ڕۆحانی(شێوا) لە کتێبی "تاریخ مشاهیر کرد" بەرگی دووەم، کە لە لایەن دەسگای سروشەوە، لە ساڵی 1366دا لە تاران چاپ کراوە، لە لاپەڕەی 1 دا لەمەڕ ژاباوە دەنووسێت:"الکساندر ژابا کە مدت 33 سال از 1836 تا 1869م در شهر ارزروم عێمانی کنسول روسیە بود.."، واتە: ئەلیکساندەر ژابا کە ماوەی 33 ساڵ (لە 1846-1866 ز) لە شاری ئەرزەڕۆمی عوسمانی کۆنسولی ڕووسیا بووە. موحەممەد ساڵەحی ئیبراهیمی موحەممەدی (شەپۆل) لە لاپەڕە 557ی کتێبەکەیدا، کە بە نێوی"ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یان گەنجینەی فەرهەنگ و زانست"ەوەیە، ساڵی 1364ی کۆچی لە چاپخانەی مهارت لە تاران دەرچووە دەڵێت:"ئا. ژابا کە لە ساڵی 1836-1869 زاوێنیدا قونسولی ئیمپراتۆریەتی رووس بووە لە تورکیا(ئەرزەڕۆم)"، ئیدی ئەوەی ژیگیل ڕاست و دروستە یا هی نووسەرانی خۆمان، نازانم!(وەرگێڕ).

[2] مەلا مەحموودی بایەزیدی، ساڵی 1797 لە بایەزید لە باکووری کوردستان لەدایکبووە. وێڕای زمانی کوردی شارەزاییەکی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی وفارسی و تورکیدا هەبووە و گەلێک شیعری لەو زمانانەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەبارەی داستان و فۆلکلۆری کوردییەوە زۆری نووسیوە و لە ڕێگەی ژاباوە هەموو نووسین و دەستنووسەکانی نێردراون بۆ سانت پێتەرسبۆرگ و تا ئێستاش لە کتێبخانەی شاری لێنینگراددا ماونەتەوە. بایەزیدی، خزمەتێکی زۆری بە زمان و مێژووی کورد کردووە و بەشێکی زۆری لە لەنێوچوون پاراستووە. لە بارەی کۆچی دواییەوە، تەنێ ئەوە نووسراوە، کە تا سەرەتای سەدەی چواردەیەمی کۆچی لە ژیاندا بووە، ئیدی کام ساڵ؟ نادیارە!(وەرگێڕ).

[3] نێوی تەواوی ئەو کتێبە"کتاب عادات و رسوماتنامە طوایفا اکرادیە و اصول و نظامات کورمانجي"یەیە. ساڵی 1274ی کۆچی، کە دەکاتە 1858 یا 1859ی زایینی. مەلا مەحموودی بایەزیدی لە نووسینی بووەتەوە و م. ب. ڕۆدێنکۆ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و لەگەڵ دەقە کوردییەکەی و پێشەکییەکدا لە ساڵی 1963دا لە مۆسکۆ بڵاوکراوەتەوە. (وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جیهانی دووەم لە پاریس بڵاوکرایەوە، بە بنەچە پۆڵۆنییە و لە "سۆسنۆڤییێیەچ"، کە ناوچەیەکی پڕ لە کانە، لە باشووری پۆڵۆنیا، لەدایک بووە و دایکیشی پۆڵۆنییە. ئەنجومەنی پیران و پەرلەمانی پۆڵۆنی، لە شێوە و چۆنیەتی کارگێڕی و کار و فرماندا، سوودێکی زۆری لە سەقامگیری و ڕێکوپێکی و کۆکیی، کارگێڕیی دەوڵەتی و کۆمەڵگەی تورکی وەرگرتبوو. پۆڵۆنییەکان، لە شێوەی بژیشک و تەکنیککار و فەرمانبەردا، لە نێو کارگێڕیی عوسمانیدا، کاریان کردبوو. وەک خەڵکێکی بیانییش دۆستانە و بە سۆز و حەزەوە، دەیاننۆڕییە گەلی کورد. لە بارەی شێوەی ژیانی  ئەو سەردەمەی هۆزە کوردەکانەوە، باسی ئەوەیان کردووە، کە بەشێکیان ڕەوەند و شوان بوون و بەشێکی زۆریشیان وەرزێری جێگیر و نیشتەجێ، یا بازرگان و پیشەساز بوون. لەمەڕ هۆزی شەڕانی و چەتەی هەمەوەندەوە[4]، کە کاروانی بازرگانییان لە نێزیکی کەرکووک، ڕووتکردبووەوە، "ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی" دەڵێت، کە ئازایی و فێڵبازیی کوردەکان، بێچارەیی و دەستەپاچەیی سەرانی تورکان ئاشکرا دەکەن، لەبەر ئەوەی کوردەکان، لە کەرکووک و بەغدادا سیخوڕیان هەبوو، زووتر بە نەخشەی تورکەکانیان دەزانی، پێش ئەوەی تورکەکان، خەڵک بنێرنە سەریان بۆ سزادانیان و زۆریش زیرەکانە بە بەرتیل، دەمی فەرمانبەر و کارمەندە عوسمانییەکانیان چەور دەکرد. "یاپڵۆنۆڤسکی"، لەگەڵ دەستەیەکی تورکی ڕالەخۆبوو و گەوەزەدا، کە نێردرابوون بۆ سەرکوتکردنی حەسەن بەگ و جوامێری، سەرۆکانی هۆزی هەمەوەند، چووبووە ناوچەی چەمچەماڵ و باسی ئەو ناوچەیەی کردووە. گەڕیدە و بینەرە پۆڵۆنییەکان، ئەوەیان یادداشت کردووە، کە ئەو مرۆڤە خێڵەکییە بوێر و ئازا و خۆڕاگرانە، کەوتبوونە داوی شەڕ و دوژمنایەتیی نێوخۆوە و کارگێڕانی تورکیش، ئەوەیان بە تەواوی قۆستبووە و سوودیان لێ وەرگرتبوو. پۆڵۆنییەکان وەنەبێ بە تەنێ، باسی ڕەوەندەکان و باری ئابووریی ئەوانیان کردبێت. ڤلادیسلاڤ یاپڵۆنۆڤسکی و کارۆڵ برزۆزۆڤسکی، لەمەڕ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ و نیسک و لۆکە و تووتن و برنج و گەنمەشامی لە کوردستاندا نووسیویانە. ئەوان گەلێک بە باخ و ڕەزی سلێمانی و ڕەواندزدا هەڵدەدەن و پەسنی دەدەن و زۆریش بە سەیرەوە، باسی خۆخ و هەڵووژە و شووتی و کاڵەک و ترێی ئەو ناوە دەکەن. "ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی" باسی کانییەکی نەوت و کۆمەڵە کرێکارێکی نیوەڕووت، کە خەریکی کونکردن و هەڵکەندنی بەرد و تاوێر بوون بە دووی نەفتدا، لە ناوچەی کەرکووک دەکات. دەرهێنانی نەوت لە کوردستانی عیراقدا، بە شێوەیەکی نوێ، لە ساڵی 1927ەوە دەستپێدەکات، کە دەکاتە کۆمەڵە ساڵێک، پاش مردنی گەڕیدە پۆڵۆنییەکان. پۆڵۆنییەکان باسی چێشت و خۆراک و خواردنەوە کوردییە نەریتی و ئاسایی و باوەکانیان کردووە. "ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی" تا ڕادەیەک بە درێژا، باسی قاوەخانەیەکی ئاسایی دەکات لە مووسڵ. پۆڵۆنییەکان لە بارەی "سەبیل"[5]ە کورتەکانەوە دەنووسن، کە لەو دەمەدا باو بووە و مووسڵ، بە نێوەند و جێگەی سەبیلی جوان دادەنێن." برزۆزۆڤسکی" و "یابلۆنۆڤسکی"، لە بارەی گوندەکانی داوێنی کەژەکانەوە، کە ڕەوەندەکان زستانانیان تێدا بە سەر بردوون، نووسیویانە و باسی کۆلیتە قوڕینەکانی پێدەشتەکانیان کردووە و لە بارەی ئەوەشەوە دواون، کە جارجاریش تووشی مرۆڤگەلێک هاتوون، کە لە نێو ئەشکەوت و کوندا، لە نشێوەکاندا  و لە دۆڵەکانی دەوروبەری چەم و ڕووبارەکاندا ژیاون. بێجگە لەوانەش، باسی شارگەلێکی گەورەی، وەک کەرکووک و مووسڵیشیان کردووە. "یاپڵۆنۆڤسکی"، شاری قایم و سەختی ئامێدیشی پێ سەیر و سەرنجڕاکێش بووە. جل و بەرگ و پۆشاکی نایاب و سەیری کوردەکان، زۆر سەرنجی پۆڵۆنییەکانی ڕاکێشاوە و تێبینیی خشڵ و کەرەسەی خۆڕازاندنەوە و ئارایشی کوردەکانیان کردووە. گەڕیدەکانمان پارچەی کەتانی نایابی مووسڵ و جاجمی چنراوی دەستی ژنانی ڕەواندز و چەک و فیشەک و نەخش و نیگاری تەختە و دارتاشین و دیکۆری پیاڵە و پەرداخی سلێمانییان نرخاندووە و بە لایانەوە گرنگ بوون. گەڕیدەکان، پاش ئەوانە، باسی ئامرازی گواستنەوە و هاتوچۆ و بازاڕ دەکەن و لە بارەی بارکردن و گواستنەوەی کووتاڵ و شتومەکەوە دەدوێن، کە بە کەڵەک ئەنجام دراوە و باسی پردی سەیر و نائاسایی دەکەن و یەکێک لەو پردانە پردی مووسڵە، کە لە لایەن ئەندازیاری پۆڵۆنی "لودڤیک کۆرڤین"ەوە دروستکراوە. گەڕیدە پۆڵۆنییەکان تا ڕادەیەک زانیارییەکی

---

[4] هەمەوەند، تیرەیەکی کوردە، بە ئازایی و لێهاتوویی و سەرسەختی بەناوبانگن. لە دەوروبەری ساڵی 1700ی زاییندا لە سنەوە هاتوون و لە ناوچەی بازیانی سەر بە سلێمانی جێگیربوون. لە شەڕی نێوان میرانی بابان و والی بەغدادا هەموودەم پشتگریی میرانی بابانیان کردووە و دژ بە عوسمانییەکان بوون. یەکێک لە سەرکردە مەزنەکانیان"جوامێر هەمەوەند" بووە، کە پێیان گوتووە "جووکل هەمەوەند". ئەم جوامێرە هەمیشە لەگەڵ عوسمانی و قاجاریدا نارێک بووە. قاجارییەکان بە سەرۆکایەتیی"حسام الملک/حیسامولمولک" لە ساڵی 1886دا هێزێکیان ناردە سەری و کوشتیان. عوسمانییەکان تیرەی هەمەوەندیان دوورخستەوە بۆ تەرابولسی شام، بەڵام پاش ماوەیەک گەڕاونەتەوە بۆ مەڵبەندی خۆیان(بازیان). هەرچەندە ڕایەکی وا هەیە، کە هێندێکیان نەگەڕاونەتەوە و لە لیبیا و ئەلجەزایر ماونەتەوە و نەوە و وەچەیشیان تا ئێستاش لەوێن. هەمەوەندەکان ئەگەر بە ڕێگری و جەردەییەوە ناویان دەرکردووە، وەنەبێ ئەوە بە هۆی پیاوخراپی و بەدخوویی و ئاکارنزمییانەوە بێت، بەڵکە بە هۆی نەبوونی و گرانی و قڕی و ناچارییەوە بووە وێڕای باری ئابووری و سیاسی ناجۆر و خراپ، کە کوردستانی ژێردەستی عوسمانی و قاجاری تێدا بووە. (وەرگێڕ).

[5] سەبیل: دارجگەرە، دارسیغار، دارێکی کونکراو و لوولەئاسایە و هەیانە کورتە و هەشیانە درێژ، هەندێکیان نەخشیان لەسەرە و هەشیانە بێ نەخشە، جگەرەی پێدەکێشرێت. ڕەنگە لە بنەڕەتدا وەک فیلتەر، یا بۆ پاراستنی پەنجە لە سووتان و پیسنەبوون، بەکاربرابێت.(وەرگێڕ).



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەمیان، لە بارەی بناخە و پێکهاتنی کۆمەڵگەی کورد و باوەڕی ئایینییانەوە بەجێ هێشتووە. ئەوان لە پلەیەکی بەرز و بەرچاودا دابەشکردنێکی بنەڕەتی و بنچینەیی، لە بەینی چینێکی ئەریستوکراتی دەوڵەمەند و چینێکی وەرزێری هەژاردا، لە نێو هۆزێکدا وەدی دەکەن. بە زۆرییش لە شێوەی نەریتی پێکهاتنی باوکزاڵیی (پاتریارکی) خێزانەوە دواون، کە تێیدا شوێن و پایەیەکی شیاو و هێژا بۆ ژن بەجێ هێڵراوە. ژنان جوان و پڕ وزەن و زێتر قورسایی ئەرکی ماڵیان لە سەرە و کاری کێڵگە و کاری جوداجوداش، لە پیشەسازیی لۆکەدا دەکەن. "ڤلادیسلاڤ یابلۆنۆڤسکی"، بە سەرپێییەکەوە باسی هاوکاری و پشتگریی نێو هۆزی، لە مەسەلەی خوێن و دوژمنایەتیدا، کردووە. "یابلۆنۆڤسکی" و "برزۆزۆڤسکی"، هەردووکیان بە ڕوونی و دڵنیاییەوە، باسی هەستی ڕێبەرێتی و شەڕانێتی دەکەن لە نێو کورددا، کە دەبێتە هۆی پەلاماردان و تاڵان و بڕین. هەروەها باسی خۆشەویستی کوردان دەکەن بۆ وڵاتەکەیان و کە چۆن جارێک کوردێک زۆر بە گەرموگوڕییەوە، لە بارەی مێرگ و دارستانی جوانی دەوروبەری ڕەواندز و کۆیسنجاقەوە دواوە. "برزۆزۆڤسکی"، کورد وەک گەلێکی بە خاکەوە گرێدراو، لەقەڵەم دەدات. لە سەرەتادا دەرفەت نادەن و لێناگەڕێن، هەڵخەڵەتێنرێن و لە پێشدا لە خەڵکی نامۆ و دەرەکی، بەگومانن و لە هەمان کاتیشدا، دەبنە دۆست و چاوتێر و میوانپارێزیشن. هونەری بژیشکیی نەریتی، لە تیمارکردنی بریندارادا، لای کوردان زۆر کاریگەرە. ئەوەش "برزۆزۆڤسکی" بۆ خۆی دیویەتی و بۆی ئاشکرا بووە، کاتێک، کە لە لایەن دۆستە کوردەکانییەوە تیمار کراوە. "یابلۆنۆڤسکی" و "برزۆزۆڤسکی"، زێتر و ڕوونتر باسی مەیل و ئارەزووی زۆری کورد دەکەن، بۆ گۆڵمەز و ڕابواردن و گۆرانی و داستانی دوورودرێژ. ئەدەبەکەیان، کە زارەکی، وەچە بۆ وەچەی گێڕاوەتەوە و بەو شێوەیەش بڵاو دەکرێتەوە، گەلێک ئەفسانە و شیعری سەرزارەکیی سەیری تێدایە. "برزۆزۆڤسکی"، بۆی ڕێککەوتبوو، چیرۆکی شای دێوان بژنەفێت. ئەو شای دێوانەی، کە لە هیندوستان دەژی و ناوبەناو دەکەوێتە ئەو کەژ و کێوانەی دەوروبەر، وەدووی تاوانباراندا و بە زەویلەرزە(بوومەلەرزە) سزایان دەدات. ئەو باسەی، کە "یابلۆنۆڤسکی"، لەمەڕ یەزیدییەکانی شەنگالەوە نووسیویەتی، بەشێکی سەربەخۆیە و ئەو لە بارەی ڕەوشی ئابووری و پێوەندیان لەگەڵ موسوڵمانە نادۆستەکان و باوەڕ و داب و نەریتی ئایینییان و گۆڕستانەکانیانەوە دەدوێت. ئەو زانیارییانەی، پۆڵۆنییەکان لە بارەی شێوەی ژیانی کورد و فەرهەنگی کوردەوە، لە ساڵانی 1800ەکاندا کۆیان کردووەتەوە، تا ڕادەیەک شتێکی کەمە و بێگومان لەگەڵ، ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە تێروتەسەل و ڕێکوپێکانەی، کە چەندین ساڵە، لە لایەن ئینگلیز و ئەڵمانی و ڕووس و سکەندیناڤیاییەکانەوە ئەنجام دراون، بەراورد ناکرێت. خەڵکی پۆڵۆنی، زێتر بە هۆی ئەو ڕووداو و کارەساتانەی، کە لە ساڵانی شێست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویان داوە، شارەزاییان لە بارەی کوردەوە پەیدا کردووە. توێژینەوە ئەنتروپۆلۆژییە پۆڵۆنییە سەرەتاییەکان لە بارەی کوردەوە، ساڵانی 1978 و 1980 ئەنجام دراون، لە ناوچەکانی زاخۆ و ڕانیە و دووکان و لای ڕۆژهەڵاتی ئامێدی و نێزیکی پێنجوێن و لای ڕۆژاوای هەولێر. ئەو توێژینەوانەش، تەنێ کوردی عیراقیان گرتووەتەوە. ئێستاش ئەوە ماوە، بزانین ئاخۆ پۆڵۆنییەکان دەرفەتیان بۆ هەڵدەکەوێت، سەرلەنوێ سەردانی کوردستان بکەن. من لەو بڕوایەدام، کە ئەنتروپۆلۆژ و سۆسیۆلۆژ و مێژوونووسانی کورد، لە داهاتوودا بە تێکۆشانی زێتر و چڕوپڕتر و گەورەترەوە، لە فەرهەنگی کورد دەتوێژنەوە و دەکۆڵنەوە و باس دەکەن. ئێستاش کاتێکی زۆر لەبار و پیرۆز و هەلێکی باشە، بۆ ئەو کوردانەی، کە لە زانستگەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خوێندوویانە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، لە بارەی نەتەوەکەی خۆیان و ئەوەی، کە کورد لەو ناوچەیەی جیهاندا بە شارستانییەتی بەخشیوە، بکەن.

<u>لیژەک ژیگیل، ئەتنۆگراف و کوردناسی پۆڵۆنی:</u>

لیژەک ژیگیل، 15ی سێپتەمبەری 1931، لە "مێسلۆڤیچ" لە پۆڵۆنیا لەدایک بووە. لە نێوان ساڵانی 1950 و 1955دا، لە زانستگەی "یاگیلۆنیا" لە "کراکۆڤ"، ئەتنۆگرایی پۆڵۆنی و دەرەوەی ئەوروپای خوێندووە و بەڵگەنامەی ماستەری لە ئەتنۆگرافیدا، لە سەر تێزەکەی، کە لە بارەی گڵێنەکاریی نەریتیی پۆڵۆنییەوە، نووسیویەتی، وەرگرتووە. لەو کاتەدا، لە ئەنیستیتووتی توێژینەوەی مرۆڤایەتی پۆڵۆنیدا، کاری توێژینەوەی کردووە. لە ساڵی 1955ەوە تا 1958 ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "زییێمیا Ziemia" (لادێ) بووە، کە گۆڤارێکی مانگانەی وێنەدار بووە و بە شێوەیەکی جوان و لەبار و پەسەند، باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی گوندنشینی نەریتیی پۆڵۆنی پێشکێش دەکرد. ساڵی 1960-1967 دەستیکردووە بە کاری توێژینەوە و ئەمجارەیان، لە مۆزەی کراوەی "کۆرزۆڤ"دا. بێجگە لەمانەش، مامۆستا بووە و هێندێک جاریش، کاری ڕۆژنامەگەریی کردووە. ساڵی 1966 بۆرسێکی بۆ دەرچووە و لە مۆزەیەکی نۆرویژدا ماوەتەوە. لە ساڵی 1969وە، تا ئێستا یەکێکە لە دەستەی، توێژەرەوانی ئەنیستیتووتی کشتوکاڵی تایبەت بە ناوچەی هێڵی یەکسان (المنطقة الإستوائية) و دەوروبەری هێڵی یەکسان و لێڕەوار، لە زانستگەی کشتوکاڵدا لە کراکۆڤ، لەوێ ئەو بەرپرسیاری توێژینەوەیە، لەمەڕ مرۆڤ وەک فاکتێک. ساڵی 1972 پلەی دوکتۆرای لە توێژینەوەی مرۆڤایەتیدا وەرگرت، لە کۆلێژی مێژوو و فەلسەفە، لە زانستگەی کراکۆڤ و تێزەکەی بە نێوی "East African peasantry-a study in Economic anthropology" وە بوو. بنچینە و بنەڕەتی بابەتی تێزەکە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو کارە مەیدانییە بڵاونەکراوانە و زانیارییە کۆکراوانەی، کە پرۆفێسسۆری ناسراو، "ئا. ڤالیگۆڵسکی" لە ساڵی 1946 لە کێنیا ئەنجامی دابوو. ساڵی 1982 پلەیەکی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرزتری دوکتۆرای وەرگرت، لە کۆلێژی مێژوو، لە زانستگەی پۆزنانی و تێزەکەیشی بە نێوی " Rural community of contemporary Iraqi Kurdistan facing modernization" وە بوو و ئەو کتێبەش، بەرهەمی توێژینەوەی مەیدانیی نووسەر خۆیەتی، لە کوردستانی عیراق، لە سالانی 1977 و 1978 و 1980دا، کە بە ئەندامیەتی دەستەیەکی پسپۆری زانستی ئابووری-کشتوکاڵی پۆڵۆنی لەوێ مابووەوە و توێژینەوەکانیشیان، لە ناوچەی زاخۆ و ئامێدی و دووکان و ڕانیە و پێنجوێن و هەولێر ئەنجام دابوو. ژیگیل، لە ساڵی 1984ەوە، مامۆستای ئەتنۆگرافی سلاڤی و بەرپرسیاری توێژینەوە و وانەگوتنەوەیە، لە بارەی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێیەم و فەرهەنگەکانیانەوە، کە زێتر و خەستتر دیاردە و گۆڕانی فەرهەنگی و نوێکردنەوەی، لە ئەمڕۆی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا لەبەرچاو دەگرێت و هەروەها پرۆسێسی زانیاری ئیتنی لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقایش دەگرێتەوە، لە زانستگەی "یاگیلۆنیا" لە "کراکۆف". لە ساڵی 1975ەوە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبریەتیی ئەتنۆگرافیی کۆڕی زانیاریی پۆڵۆنیی، بەشی کراکۆڤە و لە ساڵی 1984ەوە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریەتیی ئەتنۆگرافی کۆڕی زانیاریی و دەستەی کارگێڕیی کۆمەڵەی ئەتنۆلۆژیی پۆڵۆنییە. "ژیگیل"، زۆرجاران لە ئەورووپا وەدەرکەوتووە. ساڵی 1974 چووەتە ئەفغانستان و لەوێ لە زانستگەی کابول بووە و لەمەڕ گۆڕانی فەرهەنگی لە کۆمەڵگەی شاردا لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە. ساڵی 1981 لەگەڵ تاقمێکی کشتوکاڵناس (ئەگرۆنۆم)ی پۆڵۆنیدا، بە نێو لیبیادا گەڕان و چاویان بە پرۆژەی ئاودێری و شوێن و جێگەی کشتوکاڵی گرنگ کەوت، لە تەرابلوس و واحەکانی فیسان و باکووری سیرینایکا.

# ئەم گوتارە و ژیننامەی ژیگیلیش، لە گۆڤاری Svensk-Kurdisk Journalی ژمارە 3ی ساڵی 1985دا، بە زمانی سوێدی، بلاو کراوەتەوە. زستانی 1986 کراوەتە کوردی.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com